# ژانی ددان

**مامەند جەهانمیهەن**

چەند ڕۆژ بوو لەتاو ژانی ددان هەدادانم لێهەڵگیرابوو، جارجار تۆزێك هێدی دەبوو یان من لە بێخەوی و ئێش و ژان دەبوورامەوە و ئاگام لە خۆم نەدەما، بەڵام لەپڕێکدا چڵی دەدا و دەیزریکاند و لەم گورگە خەوە ڕایدەچڵەکاندم.

لەهەر دێیەك لامان دەدا بەدوای چارەیەکدا ماڵ بەماڵ دەگەڕام، بەڵام لە سەرتاپای ئەم ناوچە شاخاوییەدا، بێجگە لە بنکە و پایەگا، هیچ دامەزراوەیەکی دەوڵەتی لێنەبوو. ئیتر خەڵك ئەگەر دەرد و مەرگێکی بوایە و بۆی لوابایە، دەبوایە لە سەقز یان لە بانە چارەسەری خۆی بکات.

ئەم ئێوارەیە لە سەرەوژێری هەڵدێر و بەردەڵان هاتینە خوار و بەرەو ئاوایی "میشیاو" لە کۆش و باوەشی کوێستانی کەڵەکەجار، شۆڕ بووینەوە.

بەبەر کانی و ئاوی ئاواییدا کە بە ویشکەکەڵەك دەوری گیرابوو تێپەڕین، پیرەسەگێکی لەڕی سپی کە هەموو ئێسکی پەراسووی لە ژێر پێستی هەڵتۆقیبوو، لەژێر دوامین تیشکی خۆرەتاوی خاکەلێوە لەبن دیوارێك خۆی هەڵخستبوو، کە ئێمەی بینی سەری هەڵێنا

و حەپەیەکی کرد و بە سپایی سەری لە سەر دەستی دانایەوە و چاوەکانی لێکنا و بێدەنگ بوو.

ژنێکی ڕەقەڵەی کەڵەگەت بەرەوڕوومان هات و بەگەرمی بەخێری هێناین و بەرەو حەوشە ڕەوانەی کردین، کیژێکی قژکاڵی لە تەنیشت وێستابوو دەتکوت کەوبارە و لەبەر گەرمای نیوەڕۆ خۆی وەبەر سێبەری باڵ و پەڕی ماکەو داوە.

تیشکی هەتاو توێژێك سووراوی لە گۆنای هەڵسووبوو، ژێر ئەبرۆ و برژانگی سیبەرێکی کاڵی لێنیشتبوو، گلێنەی چاوەکانی وەك زیخ و وردەبەردی ڕەنگاوڕەنگی ناو ئاوی کانی لەبەر تیرێژی خۆری بەرەبەیانیدا دەدرەوشایەوە.

هەرچەند لەبەر ژانی ددان و بێوازی چاوم لە ڕوانینی چاوی دەدزێوە بەڵام بۆ هەر لایەکم دەڕوانی بریسکەی دوو چاوی سەوزی بادامی لە چاوم دەچەقی و دەمبینی کە چۆن زەردەخەنەیەکی خێرا بە ڕوخساری جوانیدا تێدەپەڕی.

پرسیاری دوکتوری ددانم کرد، کوتیان وادیارە بەختت یارە، پیاوەکەی ئێمەش لەمێژە بەم دەردەوە گرفتارە، بەڵام سبەینێ زوو سەید غەفوور لە دیوی لێرەوارەوە بۆ ئێرە دێت و چارتان دەکا.

بەدڵخۆشییەوە لێم پرسی: سەید غەفوور دوکتورە؟

کوتی: نا دوکتور نییە بەڵام دەسترەنگینە و دەستی دوکتوری هەیە.

دەنگی کرانەوەی دەرگا هات و دوو مانگا و گوێرەکەیەك خۆیان بە دیوی حەوشە داکرد. گوێرەکەکە کەوڵە ژووشکێکی لە لمبۆزی بەسترابوو، ئەوجار پیاوێکی شڕۆڵ، بە جل و بەرگ و شمەکی دڕاو و تیتۆڵ تیتۆڵ، وەژوور کەوت.

ئەوەندە پینەی ڕەنگاوڕەنگ و ئەستوور و تەنك بە جلەکانییەوە درووابوو، وەك دێوجامەی ڕاوی لێهاتبوو، بەجۆرێك کە کەس نەیدەزانی ئەم جل وبەرگە بە تازە و نوێی کامە ڕەنگ بووە.

کوتە پەڕۆیەکی کۆنی کەوەڕەنگی بە دەمێوە گرتبوو، وادیار بوو لە بەر ئازار و ژانی ددان دەنگی دەرنەدەهات، بەڵام دیسان بە دەست هەڵێنان و سەرتەکاندان، بەخێری هێنایین و لە تەنیشت من دانیشت.

کابرا کاکیلەکانی کلۆرببوو، چەند ددانی سەروخوار و پاش و پێشی بە خواری و لاری بە پووکێوە گیرسابوون، خلێنەیەکی کیسی کردبوو و لایەکی شەویلکەی لەگەڵی ئاوسابوو.

چاوم لێبوو دەست و پل و پا و پووزی جێی نەمابوو نەئنجرابێت و دڕك و داڵ وەك سەگی هار قەپی لێنەگرتبێ و پەلاماری نەدابێت.

من خۆم لە بەر کزی و لاوازی وەك داوەدەزوو بە کون و درزی هەموو دەرزییەکدا دەچووم، کەچی چاوی بەزەییم لەم پیاوە بڕیبوو و خەمم بوو.

ژن و منداڵ پوورەیان لە دەوری دا، نیگاکانیان بەتێگرا شیلەی گەزۆی خۆشەویستی لێدەچۆڕا، چاییەکی تازەدەمیان لە پێش دانا، هەڵیگرت بیخواتەوە، بەڵام دەمی وەیەك نەدەکەوتەوە و بە لا لغاوەیدا دەڕژا.

ئەو شەوەمان ڕۆژ کردەوە بەڵام هەموو جارێك کە دەر و ژووم دەکرد لەبەرتیشکی کزی فانۆسێك کە لە دەلاقەکە داییسا، ڕەشایی کابرام دەدیت کە هەر نەخەوتبوو و، لەتاریکاییدا پشتی بە کۆڵەکە یەکەوە دابوو و لووتی داژەنیبوو.

بەیانی بۆ بەرچایی نان و فرۆیان دانا، ئەوجار تێگەیشتم کە ئەوە فرۆی ئەم گوێلکە ساوایە بوو کە لەسەر حەسیر جێگایان بۆ ڕاخستبوو و خاوەنماڵ جارجار لەتاریکاییدا دەستی بە سەر و گوێیدا دەهێنا.

تاو و بان خۆش بوو، هاڵاو و هەڵمەدووك وەك مژ لە زەوی بڵیند بوو، زۆری پێنەچوو لە ملانەوە کەسێك وەدەرکەوت، کوتیان خۆیەتی سەید غەفوور هات.

سەید غەفوور بە سواری قاترێکی ڕەشی کەفەڵ پان کە لەگەڵ هەرهەنگاوێکی هەموو جەستەی ڕادەژاند، یەکسەر بەرەو ماڵی

خانەخوێ هات، ڕەشتییەکی قورس و گەورە و گرانی لەسەر بوو کە هەموو مل و پشت ئەستۆ و ناوشانی داپۆشیبوو.

دوو پیاوی دراوسێ بەرەو پیری چوون، یەکیان هەوسارەکەی لێوەرگرت و ئەوی تریان باوەشی پێداکرد و دایبەزاند.

سەید غەفوور قاچێکی لەدووی نەدەهات، گویا ساڵێك ئاهۆیەك لەم ناوە داکەوتووە و، تا و لەرزی لەگەڵ بووە، سەیدیش کە گیرۆدە بووە و لەشار بۆلای دوکتور چووە، دەرزییان لێداوە بەڵام دوکتور ناشارەزا و تازەکار بووە و، نووکی دەرزی ڕەگی پای گرتووە.

ئیتر هەر لەبەر دەرگا، سەید غەفوور گازێکی گەورەی لە تێرەکە دەرهێنا و، کابرایان ڕاکێشا و دەمی پێداچەقاند و چاوێکی پێدا گێڕا و، کوتی:

چاری ددان هێشان کێشانە!

ئیتر نەوێستا و گازی لە ددانی گیر کرد و، لەخۆی نووسا ودوو ددانی کابرای دەرهێنا، ئەوجار کوڵکێك لۆکەی لە کونی یەخەی کەوا کۆنەکەی دەرهێنا و لە زاری کابرای نا و کوتی توند بە پووکت بیگرە.

ئەوجار دوو ئێستر و دووبڕێکی پێخواسیان هێنا کە ئاغا سەید ناڵیان بکا، تۆ مەڵێ کابرا ناڵبەندە.

سەید غەفوور بێجگە لە ناڵبەندی و ددان کێشان دەیزانی منداڵ خەتەنە کا و، گا و یەکسمیشی دەخەساند، ئیتر ئەم پیاوە خۆی

فریشتەیەك بوو لەم كوێستان و دارستانە بە فریا و هاواری ئەم خەڵكە ڕەش و ڕووت و بێ دەرەتانەوە هاتبوو.

من كە ڕوخساری نیوە مردووی خانەخوێم بینی كە ڕەنگێكی ئاماڵ خۆڵەمێشی لێنیشتبوو، لەترسان هەموو ژان و ئازاری ددانم لەبیر چۆوە، چاوم لێبوو ژنی خاوەنماڵ سەری هەڵبڕی و بە ڕوخساری نیگەران و شێواوی من بزەی هاتێ و پێكەنی، بەڵام من خۆم لێ گێل كرد و وەك ئەوەی ئاگام لێنەبێت پاشەوپاش كشامەوە و، بێ ئەوەی خۆم ئاشكرا كەم، خۆم دزێوە و دوور كەوتمەوە.

چەند ڕۆژ دواتر ئیتر لە پەل و پۆ كەوتم و چیتر بە پای كاروان دەرنەدەچووم، دۆستێكی خۆم كە پیاوێكی لەنێوچوو و تێكەوتوو بوو ،بانگی كردم و پرسی: خەریكە بەجارێك بتوێیەوە و لەناو بچی، دەتهەوێ بۆ هەمیشە ئەم دەرد و ژانت لە كۆڵ بێتەوە.

كوتم چۆن؟

كوتی: تۆ بزانە دەرزییەك، شووژنێك، تەبەنەیەك لەم تێڕ و بارە دەرهێنە و لەگەڵ خۆت بیهێنە، من ئەوە لەو شیوەی خواروو چاوەڕێتم.

كە پێیگەیشتم دانیشتبوو ئاگری خۆش دەكرد، بەكاوەخۆ هەستا و لكێكی لە پنچكەداری گەزیچار شكاند و،كلكی سووژنەكەی تێچەقاند و، لە سەر پشكۆ گەشاوەكانی دانا، تاوێك چاوەڕێ ما و چاوێكی بە ددانە خوراوەكەی مندا گێڕا و، ئەوجار نووكی

شووژنەکەی کە وەك پۆلووی گەشاوە دەدرەوشاوە، بە کونی کلۆری ددانمەوە نا و توند پاڵی پێوە نا.

من چزەیەکم گوێ لێبوو و ئیتر نازانم چی ڕوویدا، ئێوارە درەنگ لە کاتێکدا کە خەریك بوو دوامین زەردەی هەتاو بە گەرووی ڕەشی شەودا نوقم دەبوو، بە کزەی سەرما وەخەبەر هاتم، تاوێکی پێچوو تا خۆم بەسەرکردەوە و داوی پساوی رشتەی شێواوی تەونی ئەم ڕۆژەم لەیەك خستەوە. جگە لەوە و تۆفانێك لە تەپۆ کە دەورەیان گرتبووم، هەستم بە هیچ ئێش و ئازاریك نەدەکرد.

# میشیاو: گوندێکی نێوان بانە و سەقز و پێنجوێن.

## ویشکەکەڵەک: دیواریک کە هەر بە ویشکەبەرد هەڵچندرابێت.

### فرۆ: ژەک

### دووبڕ: جوانوو یان جاشک کە لە دوو ساڵ تێپەڕیبێت.

. #### تەپۆ: مێشوولەیەکی زۆر ورد کە بە کۆمەڵ دەگەڕێت.

وێنە:لە گووگل وەرگیراوە